# هەژار، مێعماری بورجی بابێلی زمانی کوردی

## سەیدقادر هیدایەتی

- ئەم بڵاوکراوەیە، بەشی کۆتایی وتاری هەژار مێعماری بورجی بابێلی زمانی کوردییە

---

**ناسنامەی کتێب: «نەسری کوردی و گۆڕانی فۆرم»، سەیدقادر هیدایەتی، چاپەمەنی خانی، ١٣٩٨.**




**ISBN: 9786226274135**

**Website: [www.kurdishbookhouse.com](http://www.kurdishbookhouse.com)**

**Telegram: [https://t.me/kurdishbookhouse](https://t.me/kurdishbookhouse)**

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

# وتار: هەژار، مێعماری بورجی بابێلی زمانی کوردی

## سەیدقادر هیدایەتی

- ✓ ئەم بڵاوکراوەیە، بەشی کۆتایی وتاری هەژار مێعماری بورجی بابێلی زمانی کوردییە.

## وەرگێڕانی قورئان

بێنیامین پێیوایە "بوونی مەعنەوی ئینسان خودی زمانە، ئینسان تەنیا لە زماندا، و نەک لە سۆنگەی زمانەوە، خۆی ڕادەگەیەنێ"[1] بە چاوخشاندنێک بە ژیان و بەرهەمەکانی هەژاردا دەردەکەوێ کە زمان لە لای هەژار هەمووشتێکە. "ماڵی بوون"ی ئەو بە دین و سیاسەت و ئەدەبیات و کۆمەڵگاوە زمانە. ئەکت و تێکۆشانی ئەو لە زمان دایە. هەر شتێک لە دەرەوەی زمان بێ، لای ئەو وجوودی نییە. هەژار بەجۆرێک لە جۆرەکان بۆرخێسی کوردە. بۆرخێس پێیوابوو شتێک وجوودی هەیە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان نووسرابێتەوە. لەژێر

[1] وتاری "دربارەی زبان و زبان بشری" کتێبی "دربارەی زبان و تاریخ، والتر بنیامین گزینش و ترجمە مراد فرهادپوور و امید مهرگان"، چاپ هرمس ١٣٩٥" ل ٥١

www.kurdishbookhouse.com

تیشکی وەها بۆچوونێک دایە دەتوانین وڵامی ئەو پرسیارە هەڵدەین کە هەژار بۆ قورئان وەردەگێڕێتەوە سەر زمانی کوردی؟

ڕاوێژ و تۆنی زمانی قورئان دینی ئاسمانییە. شاعیرانە بوون، زمانێکی سەمبولیک، کەڵکوەرگرتن لە سەنعەتە ئەدەبییەکان، مووسیقی وشە و گەمە زمانییەکان و ئیجازێکی لە ڕادەبەدەر، فۆڕم و داڕشتەیەکی تایبەتیان بەدی هێناوە کە وەرگێڕانی ئەو دەقە زۆر ئاستەم دەکا. وەرگێڕانی دەقە پیرۆزەکان تەنانەت ئینجیل و تەوراتیش، بە زمانی دیکە، لە نەزەر دینییەوە زۆر پێشوازی لێ نەکراوە و زۆربەی کات پێیان وابووە کە وەرگێڕان لە پیرۆزی و شکۆی ئەو دەقانە کەم دەکاتەوە. لەنێو موسڵمانانیشدا ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی باو و زاڵ بووە و زۆربەی زانایانی ئیسلامی تەفسیر کردنەوەیان پێ شیاوتر بووە هەتا وەرگێڕان. لە زمانی کوردیشدا کەسانی وەکوو شێخمحەممەدی خاڵ و مەلاعەبدولکەریمی مودەڕڕیس تەفسیری قورئانیان نووسیوە. وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی کوردی پێشینەیەکی دوور و درێژی نییە.

بە وەرگێڕانی قورئان، مامۆستا هەژار زمانی کوردی لە هەرێمی زمانێکی دینی ئاسمانیدا تاقی دەکاتەوە. ڕووبەڕووبوونەی هەژار لەگەڵ زمانی قورئان هەر بەو جۆرە نییە کە لەگەڵ شەرەفنامە و دەقەکانی دیکە ڕووبەڕوو دەبێتەوە. لەو تاقی کردنەوەیەدا زمانێکی بەتەواوەتی دەستکرد ڕۆ دەنرێ. ئەگەر لە شەرەفنامەدا دەیهەوێ زمانێکی سەروسیمادار لەکار بکا کە نیشان بدا چەپی لەبەر زمانی

www.kurdishbookhouse.com

فارسیدا نییە، لە وەرگێڕانی قورئاندا دەیهەوێ کۆشکێکی گەورە، واتا زمانێکی یەکگرتووی کوردی بەدی بێنێ. لە وەرگێڕانی قورئاندا پەڕ و باڵ بە ئایەت و ڕستەکان نادا، دوو وشە نابێتە پێنج و شەش و زۆر هەوڵ دەدا ئیجازی دەقی سەرەکی ڕاگرێ. "ئەو دڵکوتە/ دڵکوت چییە/ کووت زانیوە دڵکوت چییە/..." [2] "هەر کە ویستی کارێک بێ، فەرمان دەدا ببە، دەبێ" [3] زۆرجاران بە ئاهەنگین کردن و داتاشینی وەستایانەی ڕستەکان هەوڵ دەدا تەنانەت شاعرانە بوون و مووسیقی وشەکان و ڕستەکان بپارێزێ و ڕاگوێزێ. "سۆند بە هەرەتی ئێوارە/ مرۆ گشتی زیانبارە..." [4] "بێژە ڕێی ڕاس هەر ڕێی خوداس" [5]

هەژار بە باشی زانیویە ئەو زمانەی قورئانی پێ نووسراوە زمانی نووسیاریی عەرەبییە و لە هیچ مەڵبەندێکی عەرەب‌زمان وەها نادوێن و ئەو زمانە زمانێکی زارەکی نییە. بە باشیش زانیویە زمانی کوردی لە بواری زمانی نووسیاریدا لە چ ئاستێک دایە. هەربۆیە هەوڵ دەدا، زمانێکی وەها لە کوردیدا چێ بکا؛ زمانی نووسیاریی کوردی. بۆ ئەو مەبەستە چەند کار دەکا: یەکەم لە وشەی زۆربەی دیالکت و شێوەزارەکانی کوردی کەڵک وەردەگرێ. بۆ وێنە بڕواننە ئەو ئایەتە: "بێژە من خۆ دەپارێزم لە خودانی ئەم مەردمە..." یان "دای و بابی

---

[2] سوورەی ئەلقاریعە ئایەتی ١ تا ٣
[3] سوورەی بەقەرە ئایەتی ١١٧
[4] سوورەی عەسر ئایەتی ١ و ٢
[5] سوورەی بەقەرە ئایەتی ١٢٠



www.kurdishbookhouse.com

وەبان تەختەوە نیشاند و هەموویان کڕنووشیان بۆ کرد. گوتی: باڤە!..." [6] یان "دبێن سێن و بە بەشدارەکەوە شەشن. ئەشلێن پەنجن بە سپلۆتەکەڕا شەشەن. لە نەدیو خەیاڵات دەکەن. تەنانەت بازێکیش ئێژن: حەوتن وێڕای سەیەکەیان دەبن بە هەشت. بێژە پێیان پەروەرندەم چاتر دەزانێ چقاسن."[7] هەر وشەی لە بەشێکی کوردستانەوە هەڵگیراوە و لە پەنای یەکەوە دانراوە. دووهەم لە ڕێزمانە ناوچەییەکان کەڵک وەردەگرێ و لە پەنای یەکیان دادەنێ. بە لە پەنای یەکەوە دانان و تێکەڵکردنی ڕێزمانی دیالکتە کوردییەکان، پێکهاتە و هاونشینی نوێ ساز دەکا؛ کە بۆ یەکەمجار بەو شێوازە لەکار کراون؛ بڕوانن ئەم نموونانە کە وێنەیان لە وەرگێڕانەکەی مامۆستاهەژاردا زۆرە: "گوتی من نەواتم پێتان..."؛ "وڵساتەکانوو دەچەرن..."؛ "پێن نە وتووی..."؛ "گەلۆ بە گۆلکپەرستیو ناحەقیتان لە خۆتان کرد"؛ "گەرەک لە من ترسوو هەبێ" و . . . .

سێهەم لە توانستی ڕێزمانیی ناوچەکان کەڵک وەردەگرێ کە کەمتر لە ئەدەبی نووسیاری کوردیدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە: بۆ وێنە جێناو[8] ی "وو" لە جیاتی "تان": "ئەوسا گشتوو بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە" [9]؛ "گشتوو" لە جیاتی گشتتان لەکار کراوە؛ "هەرچی لە هەر شوێنێ

---

[6] سوورەی یووسوف ئایەتی ١٠٠

[7] سوورەی کەهف ئایەتی ٢٢

[8] ضمیر

[9] سوورەی بەقەرە ئایەتی ٢٨

www.kurdishbookhouse.com

دەخۆن نۆشی گیانوو"[10] ؛ لێرەدا "نۆشی گیانوو" لە جیاتی "نۆشی گیانتان بێ" لەکار کراوە و بەو جۆرە هەژار بە هەڵبژاردنێکی وریایانە، لایەنی جوانیناسی و بەلاغی زمان زەق دەکاتەوە و لە توانستەکانی ڕێزمان بۆ ئیجاز و کورتبڕی کەڵک وەردەگرێ. "ئەی زاروزیچی ئیسرائیل لەبیروو بێ "[11]...

کەڵکوەرگرتن لە جێناوی "ن" لەجیاتی جێناوی"مان": "ئەوساش کە ئێمە دەریامان بۆ قەڵەشتن و نەجاتن دان..." [12] "نەجاتن دان" لەجیاتی نەجاتمان دان. "...گوتیان ئاخۆ دەتەوێ گاڵتەن پێ بدەی..."[13]؛ "گاڵتەن" لە جێگەی گاڵتەمان لەکار کراوە. بەوجۆرە هەژار بە کەڵکوەرگرتن لە توانست و زەرفییەتە زمانییەکانی زۆربەی شێوەزارەکانی کوردی، لە هەمبەر زمانی عەرەبیدا، نیشان دەدا زمانەکەی چەندە دەوڵەمەندە. بۆ وێنە لە سوورەی بەقەرەدا بۆ وشەی "بەقەرە": چێڵ، گوێلک، گوێرەکە و گۆلک، یان بۆ "کەلب"ی عەرەبی سە، سەگ، بەشدار و سپڵۆت لەکار کراوە. یان لە سوورەی "تەکویر"دا کە زۆربەی ئایەتەکانی سەرەتا بە "اذا" دەست پێ دەکەن مامۆستا بۆ "اذا" حەوت وشەی جۆراوجۆر لەکار دەکا: وەختێ، وێجا، لەوکاتەشا، هەرگا، هەلێ، کاتێ، هەر دەمێکیش. بەوجۆرە کەڵک لە

10 سوورەی بەقەرە ئایەتی ٣٥

11 سوورەی بەقەرە ئایەتی ٤٠

12 سوورەی بەقەرە ئایەتی ٥٠

13 سوورەی بەقەرە ئایەتی ٦٧

www.kurdishbookhouse.com

وشە هاوتا و هاومەعناکان وەردەگرێ، لە شەرەفنامەدا لە دوای یەک، ڕیزی دەکردن و دەقی پێ خاپوور دەکرد. لە قورئاندا بەشێوەیەکی جیاوازتر دەسەڵاتی زمانی خۆی نیشان دەدا و ئەوکارە دەکا. لە شەرەفنامەدا لە دەور و کارکردی هاونشینی وشەکان کەڵک وەردەگرێ، لە وەرگێڕانی قورئاندا لە دەور و کارکردی جێنشینی وشەکان .

یەکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی قورئانی هەژار هەبوونی تەنزێکی شاراوە و جۆرێک بزۆزی زمانییە کە لە زۆر ئایەتدا دەبینرێ. زۆربەی ئەوانەی قورئانیان بۆ سەر زمانەکانی دیکە وەرگێڕاوە لە بەکارهێنانی هێندێک وشە کە بۆنی تەنز یان پێکەنین یان شادییان لێ بێ خۆیان بواردووە. لە حاڵێکدا قورئان لە زۆرجێدا لە پەند و مەسەلەکان کەڵکی وەرگرتووە و لە زۆر جێدا بە تەنز و کینایەوە لەگەڵ دوژمنانی دین دەدوێ. مامۆستا هەژار وریایانە ئەوەی زانیوە و بوێرانە ئەو لایەنە لە زمان ناشارێتەوە. هەروەها لە زۆر شوێنیشدا هێندێک لە ئایەتەکان وەها وەرگێڕدراون کە تەنیا لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا تەنزی شاراوە یان شادی و بزە لە پشتەوەی وشە و دەقەکە دەبینرێ .

"جووتێ کانی لەواندا هەن فیچقە دەکەن"[14] ؛ ڕواڵەت و ئاهەنگی وشەی فیچقەکردن، دەمانباتەوە بۆ هاروهاجییەکانی سەردەمی

[14] سوورەی ڕەحمان ئایەتی ۶۶

www.kurdishbookhouse.com

منداڵی و کایە و هەڵبەزدابەز و شادیمان وەبیر دێنێتەوە. بۆ وەرگێڕانی ئەو وشەیە زۆرتر لە هەڵقوڵین کەڵک وەرگیراوە.

" زۆریش کیژی چاوکەژاڵی سپی و سۆڵمان بۆ هاوسەری پێ بەخشیون."[15] ؛ زۆربەی وەرگێڕەکانی قورئان بۆ "حور" سفەتی سپی بوونیان لەکار نەکردووە. بەڵام ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن حۆری کیژی چاو ڕەشن کە لە سپی سپی‌تر و شەفافترن و زۆر شتی سەیرتریشیان لەبارەوە گوتووە. زۆربەی وەرگێڕەکان تەنیا بە کیژی چاوڕەش یان چاوگەش یان چاوقەوی وەریانگێڕاوە. وشەی "حور" لە چوار ئایەتدا هاتۆتەوە: لە ئایەتی ٥۴ی دوخان "کیژی چاوکەژاڵی سپی و سۆڵ"، لە ئایەتی ٢٠ی توووردا و ٢٢ی واقیعە بە "کیژی سپی چاوبەلەک"، لە ئایەتی ٧٢ی ڕەحمان بە "زەری چاوڕەش" وەریگێڕاوە. حۆری هەرچۆن و هەرچی بێ، لە هاونشینیی "سپی‌وسۆڵ"دا بزۆزییەکی زمانی و تەنزێکی شاراوە دەبینرێ. ئەوجۆرە بزۆزی زمانیی و تەنزە شاراوەیە لە وەرگێڕانەکەدا کەم نین.

لە سووڕەی بەقەرە ئایەتی ٣٦: "قلنااهبطوا" مامۆستا ئاوای وەرگێڕاوە: "گوتمان داوەزنە خوارەوە!" لە شێوەی پێکەوە دانانی ئەم وشانە و کەڵک‌وەرگرتن لە شێوەزاری ئەردەڵانی داوەزن لەجیاتی دابەزن، جۆرێک بزۆزی زمانی دەبینرێ کە خوێنەر ناتوانێ بزەی بشارێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە دوو ئایەت دواتر هەر بۆ "قلنااهبطوا" نووسیوە: "گوتمان... لە بەهەشت بڕۆنە خوارێ!" یان کۆتایی ئایەتی

---

[15] سووڕەی دوخان ئایەتی ٥۴

٢٩ی سوورەی نەحل: " فلبئس مثوی‌المتکبرین" ئاوای وەرگێڕاوەتەوە: "ئای کە جێی بادی‌هەوایان ناهەمواره!" یان هەر سوورەی بەقەرە ئایەتی ٥٣: ئاوای وەرگێڕاوە: "ئەوساش مووسا بە هۆزەکەی خۆی ڕاگەیاند گەلۆ! بە گۆلکپەرستیوو ناهەقیتان لە خۆتان کرد..." "گۆلکپەرستیوو" پێکهاتەیەکی بە تەواوەت تازەی زمانییە کە لە هیچ شێوەزارێکی کوردی‌دا نابینرێ. مامۆستا بوێرانە دوو نیشانە هەرکام لە ناوچەیەکەوە هەڵدەگرێ و لەپەنای یەکیان دادەنێ. ئەو جۆرە دەستکارییە زمانییانە بە جۆرێک دەرکەوتی بزۆزی و شەیتەنەتە زمانییەکانی مامۆستا هەژارن؛ بێتوو کەسێکی دیکە بیکردبایە، لەوانەبوو بکەوتبایەتە بەر پلار و ڕەخنە. بەڵام مامۆستا هەژار بوێرانە ئەو ئەزموونە نوێیانە و ئەو دەستکارییە زمانییانە تاقی دەکاتەوە. لە ڕاستی‌دا دەبوو یان وەک شێوە موکریانییەکەی بنووسرێ گوێلکپەرستیوو، یان وەک شێوە ئەردەڵانییەکەی بنووسرێ گۆلکپەرستیتان. لەو نموونە بزۆزییە زمانی و ڕێزمانییانە لە وەرگێڕانی قورئان‌دا زۆرن؛ ئەو شێوە کەڵکوەرگرتنە بەدەرە لە کەڵکوەرگرتن لە وشەی ناوچەکان. لەو شێوەیەدا لە توانست و زەرفییەتەکانی ڕێزمانی ناوچەکان کەڵک وەردەگرێ و پێکهاتەی نوێ ساز دەکا. وەکوو: "پێو ئێژن، گەرەکیە تاقیو کاتەوە، لە کاتێکا دەگەڵ جالووت، پێن نەووتووی، سڵامی خواو لێبێ. ئەر خوا مەیلی لێ با و...".

لە کۆتایی ئایەتی ١٧١ی سوورەی بەقەرەدا "لایعقلون"ی ئاوا وەرگێڕاوەتەوە: "لە تلپاتی تەڕیش ناگەن." لە بنەڕەت‌دا ئەم زاراوە و دەستەواژەیە جەفەنگێکی هێدی و شیرنبزەیەکی لەخۆی‌دا حەشار

داوە کە لە شۆخییەکی نەرم و نیانی نزیک دەکاتەوە. یان ئایەتی ٥١ی سوورەی بەقەرە " واذ واعدنا موسى اربعين ليلە..." مامۆستا ئاوای وەرگێڕاوە: " ئەوساکەش کە دەگەڵ مووسا ژوانی چلشەوەمان دانا..." هەموو دەزانین ژوان، شوێنی چاوپێکەوتنی دوو دڵدار بەتایبەتی کوڕ و کچە. مامۆستا بوێرانە بۆ دیداری خودا و مووسا لەکاری دەکا و مانایەکی تازە بەو وشەیە دەبەخشێ. یان ئایەتی ١ی سوورەی مەسەد؛ مامۆستا ئاوای وەرگێڕاوەتەوە: "ئەبوولەهەب هەردوو دەستی شەلە بێ و عەمری نەمێنێ." عەمری نەمێنێ دوعا و نزایەکی تا ڕادەیەک ژنانەیە کە هەمیشە جۆرێک تەوس و تەشەری لەگەڵە و خوێنەرێک کە بە شوێن و پێگە و چۆنیەتی لەکارکردنی ئەو زاراوەیە بزانێ، لایەنی تەنزی شاراوەی ئەو ڕستەیە باشتر دەرک دەکا.

یان "يَومَ يُكْشَفُ عَن ساق" [16] هەم بەهادین خورڕەمشاهی و هەم مەسعوود ئەنساری ئاوایان کردۆتە فارسی: "روزی کە هنگامە بالا گیرد" [17] ئیبراهیم مەردووخی لە وەرگێڕانی قورئاندا ئەو ئایەتەی ئاوا وەرگێڕاوە: "ڕۆژێ کە قولی ڕەش و سپی دەردەخرێ". [18] کە لە مەبەستی ئایەتەکە دوورە و لە بنەڕەتیشدا ئەو پەندی پێشینانە،

---

[16] سوورەی قەڵەم ئایەتی ٤٢

[17] قرآن کریم ترجمە بهاالدین خرمشاهی، انتشارات دوستان چاپ ششم ١٣٨٦

[18] تیشکێ لە قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی ئیبراهیم مەردووخی، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، چاپی ٢٠١١

www.kurdishbookhouse.com

ئەسڵەکەی "قوونی ڕەش و سپی وەدەرکەوتن"[19] ـە. لەم ساڵانەدا بە هۆی پاستۆریزەکردنی زمانەوە هێندێک کردوویانەتە قول! بەڵام مامۆستا هەژار ئەو ئایەتەی ئاوا وەرگێڕاوە: "ئەوێ ڕۆژێ دەرپێ دەلینگان دەکەون..." زومەخشەری لە تەفسیری کەششافدا، بۆ مانا لێکدانەوەی ئەو ئایەتە دەڵێ: "کشف عن‌الساق و الابداء عن‌الخدام" مەسەلێکی کۆنی عەرەبییە کە بۆ کاتی شەڕ و شۆڕێکی گەورە لەکار دەکرێ، وەها کە ژنان لە ترسان هەڵێن و هۆشیان بە جل و بەرگیانەوە نەمێنێ و پاوانە و خرخاڵی پووزیان دەرکەوێ"[20] . پەند و مەسەلی "دەرپێی دەلینگان کەوت"، یان "دەرپێ کەوتە قولاپەی"، لە کوردیدا بۆ کەوتنە تەنگانە و ترسێکی زۆر لەکار دەکرێ. هێنانەوەی ئەو مەسەلە لە وەرگێڕانی دەقێکی وەک قورئاندا نیشاندەری ئەوەیە کە ئەوی بۆ هەژار گرینگە زمانە و بەس؛ زمانیش لای هەژار زمانێکی پاستۆریزە و بێلایەن نییە.

نموونەیەکی دیکە لە لادانەکانی مامۆستا لە وەرگێڕانی قورئاندا تێرم و زاراوەکانن: وشەی کوفر و کافر کە لە تێرم و زاراوە گرینگ و بنەڕەتیەکانی قورئانە و ئەگەر فێعلی "یکفرون" و لق و پۆپەکانی حیساب بکرێن زۆر دووپاتە دەبنەوە. هەرتاوی بە جۆرێک وەردەگێڕدرێتەوە؛ مەسەلەن بۆ "کوفر" بێخودایی، بێدینی،

---

[19] امثال و حکم کوردی؛ گردآورندە: قادر فتاح قاضی، انتشارات دانشگاە تبریز، ١٣٦٤ جلد اول، لاپەڕە ٢٩٠

[20] تفسیر کشاف، محمود بن عمر بن محمد زمخشری، ترجمە مسعود انصاری انتشارات ققنوس ١٣٨٩، جلد چهارم ص ٧٢٦



www.kurdishbookhouse.com

بێبڕوایی، بێباوەڕی. بۆ کافر حاشاکەر، لەدین وەرگەڕاو، بێباوەڕ، خودانەناس، لە خودا بە دوور و... یان "لایعلمون" نزیکی چل جار لە قورئاندا دووپاتە دەبێتەوە. بە چەندین شێوە وەرگێڕدراوەتەوە: لێ نەزانن، سەریان دەرناچێ، سەر دەر ناکەن، نازانن، نەزانن، تێ ناگەن، لێی نازانن، نایانەوێ بزانن، نایزانن، پێ ناحەسێن، های لێ نییە و... یان "لایعقلون" نۆ جار دووپاتە بۆتەوە؛ بە چەند شێوە وەرگێڕدراوەتەوە: لە تلّپاتی تەڕیش ناگەن، دەهیچ ناگەن، بێ ئاوەزن، هیچ تێناگەن، تێ ناگەن، ئاوەزیان نییە، نەفامن. هەژار بۆ ئەو کارەی کردووە و لەسەر زاراوەیەک ساغ نەبۆتەوە؟

بێتوو لە ئاسۆ و دیمەنگایەکی گشتیدا ئەو شێوازە بەرخوردەی هەژار لەگەڵ زمان و وەرگێڕان هەڵنەسەنگێندرێ، خوێندنەوە لە بەراوردێکی ئەدیبانەی میکانیکیی بەراوردکارانەدا قەتیس دەبێ. چونکە زۆر بە سانایی دەکرا زاراوەیەک لە هەموو ئایەتەکاندا بە شێوازێک وەرگێڕێ. بەوجۆرە ڕەنگە لەباری تێرمناسی و زاراوە بنەڕەتییەکان وا بێتە پێش چاو کە فکرێکی بۆ تێرمە گرینگ و بنچینەییەکان نەکردبێتەوە؛ بەڵام هەر وەک لە وەرگێڕانی شەرەفنامەشدا باس کرا وەرگێڕان لای هەژار کردەیەکە پتر لە وەرگێڕان؛ بۆ ئەو مەبەستە زۆر گوێ ناداتە دەقی بەردەست و لێی تێدەپەڕێ.

وەک ئاماژە کرا مامۆستا هەژار لە وەرگێڕانی قورئاندا بە هۆی زمانی تایبەتی قورئان و داڕشتەی ئایەتەکانەوە، زمان لە بەرامبەر زماندا

www.kurdishbookhouse.com

ڕاست دەکاتەوە. هەوڵ دەدا ئیجاز و کورتبڕی لەبەرچاو بگرێ و بە کەمترین وشەوە بچێتە شەڕی زمانی عەرەبی. بەڵام لە هێندێک جێدا گوێ ناداتە دەقی سەرەکی و لە دەقەکە لادەدا؛ بۆ وێنە: "وەناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە"[21] لەم ئایەتە گرینگ و سەرەکییەدا دوو لادان لە دەقی سەرەکی دەبینرێ؛ یەکەم: لە دەقە سەرەکییەکەدا "کە"ی تێدا نییە؛ دووهەم : "الرحمن الرحيم" "دەهندە و دلۆڤان" نییە؛ دەهندەی دلۆڤانە. لە عەرەبیدا سڕینەوە و لابردنی "واو" لە نێوان وشەکان پێیدەگوترێ جودایی(فصل)بەلاغی؛ نیشانەی ئەوەیە کە ئەو دوو سفەتە (دەهندە و دلۆڤان"ڕەحمان و ڕەحیم") زۆر لێک نزیکن. جودایی یان فەسڵی بەلاغی زۆرتر بۆ سفەتەکانی خودا لە قورئاندا لەکار کراوە؛ بۆ وێنە ئایەتی ٢٣ و ٢٤ی سوورەی حەشر. هێندێک جار ئایەتێک ڕاوێژێکی "نەهی" هەیە، بەڵام ڕاوێژی پرسیاری پێدراوە؛ وەکوو: "چۆن شەریکان بۆ ئەو خوایە پەیدا دەکەن" [22] یان ڕستەیەکی "نەفی" ڕاست دەکرێتەوە: "هەر ئەوانە پێی تووشی گومڕایی دەبن کە لە ڕێگا لادەدەن" [23] یان بڕواننە سوورەی قەسەس ئایەتی ٧٣؛ لەم ئایەتەدا سەنعەت و جوانکاری "لەف و نەشر" دەبینرێ، مامۆستا هەژار ئاوای وەرگێڕاوەتەوە: "لە بەزەیی خوداوەیە کە شەوی بۆ هەدادان و ڕۆژی بۆ پەیداکردنی ئەو ڕۆزییەی ئەو دەتانداتێ بۆ دانان" لە حاڵێکدا ئایەتەکە ئاوایە: "لە بەزەیی خوداوەیە کە شەو و

---

[21] وەرگێڕاوی "بسم الله الرحمن الرحيم"

[22] سوورەی بەقەرە ئایەتی ٢٢

[23] سوورەی بەقەرە ئایەتی ٢٦



www.kurdishbookhouse.com

ڕۆژی بۆ دانان، تاکوو لەویاندا هەدا بدەن و لەمیاندا وەدووی ڕۆزی بکەون." ئەو جۆرە لادان و لەبەرچاونەگرتنانە لە وەرگێڕانەکەدا کەم نیین ... .

هەژار بۆ ڕۆنانی زمانی نووسیاری و یەکگرتووی کوردی لە وەرگێڕان و زۆرجار لە دەق تێدەپەڕێ؛ زۆرجاران گوێ ناداتە تێرم و زاراوەکانی ئەو دەقە و زۆرجار هەڵەش دەکا. ئەو، مێژووی خۆی خوێندۆتەوە و دەزانێ پرش و بڵاوی و ناکۆکی و دوژمنایەتی و چەندبەرەکی، مێژووی کوردی بە چ مەرەدێک بردووە: "ئەگەر سەرنج بدەیە باری یەکدیگیری و هاوبیری و هاوکارییانەوە تەنیا لە شادەو ئیماندا نەبێ لە هیچ شتی تردا یەکتر ناگرنەوە"[24] بۆیە هەژار بە وەرگێڕانی قورئان دەیهەوێ بڵێ "زمان سەرچاوەی هەموو ناکۆکی و خراپ لێک حاڵی بوونەکانە". بەشێک لە بەرهەم و چالاکییە زمانییەکانی مامۆستا هەژار دەیهەوێ ئەوە بە خوێنەر و بەردەنگی بسەلمێنێ کە زمانێکی یەکگرتوو دەتوانێ بەشێکی زۆر لە برینەکانی ئەو نەتەوەیە سارێژ کاتەوە.

ئەگەر بێنیامینی چاو لە شێواز و ستایلی وەرگێڕانی قورئان بکەین، مامۆستا هەژار زمانی کوردی لە بارودۆخی دوای بورجی بابێلدا دەبینێ. بۆ ئەوەی نەتەوەیەک نەتوانن بورجی بابێلی خۆیان ساز بکەن، زمان پرش و بڵاو و هەزار لەت و ناکۆک بووە. ئەو دەیهەوێ

[24] شەرەفنامە، میرشەرەف خانی بدلیسی، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی سێهەم ٢٠٠٦؛ لاپەرەی ٢٦

www.kurdishbookhouse.com

لەت و کوتەکانی ئەو زمانە کۆ بکاتەوە و لەپەنای یەکیانەوە دانێتەوە. مەبەستی سەرەکی ئەو، ڕۆنانی بورجی بابێلی زمانی کوردییە؛ لە پێناوی ئەو مەبەستەدا هەموو شتێک فیدا دەکا.

▪سەرچاوە: کتێبی «نەسری کوردی و گۆڕانی فۆڕم»، سەیدقادر هیدایەتی، چاپەمەنی خانی ١٣٩٨.

■ ببنە ئەندامی "ماڵی کتێبی کوردی":

■ **Telegram:** [https://t.me/kurdishbookhouse](https://t.me/kurdishbookhouse)

www.kurdishbookhouse.com